# کورتەیەک لەسەر هەندێ کۆمپانیای ئایتی(٣)



ئاراس نوری
زانستپەروەرانی کورد
aras@zkurd.com

## کۆمپانیای ئای بی ئێم IBM

### پێشەکی

IBM کورتکراوەی International Business Machine ە.

مێژووی دروستبوونی IBM دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٦ کە هیرمان هولیرت Herman Hollerith کۆمپانیایەکی بۆ وەبەرهێنانی ئامێری ژمێرکاریی پێکهێنا.

ئەو ئامێرانە کاری ژماردنیان بەئەنجام دەگەیاند لە ڕێگای ئەو کارتە کونکراوانەی کە دراوەکان و زانیارییەکانی لەسەر بوون، هەرها ئامێری دروست دەکرد کە لە سەرژمێریی و دەنگداندا لە ئەمەریکا بەکاردەچوون.

ساڵی ١٩٢٤ ناوی ئەم کۆمپانیایە گۆڕدراو کرا بە IBM ئەوکات زۆر لە کارەکانی کۆمپانیاکە تایبەتمەندکرابوون بۆ ئامێرە بەکارچووەکانی کە لە دامەزراوەکاندا لەکاردابوون، کاری وەکوو تاقیکاریی، ڕیزکردن، کونکردنە ناو کارتەکانی کە بۆ نواندن و هەڵگرتنی دراوەکان بەکار دەهێنران، ..هتد.

### بەرهەمەکانی IBM

لە سەرەتای پەنجاکاندا یەکەم کۆمپیوتەری بەرهەم هێنا (٧٠١ و ١٤٠١) بە کەرەسەکانییەوە (بیرگە Drum memory، پەپکەی موگناتیسی، چاپکەر printer).
لە زنجیرە ئەو کۆمپیوتەرانەی بەرهەمی هێنا، جۆری IBM 305 RAMAC بوو کە هەڵگری یەکەم لێخوڕی پەپکە (دیسک) disk drive بوو (بڕوانە وێنەکە)، ئەم جۆرە لە ١٣.٩.١٩٥٦ بەرهەمهێنرا.

لە ساڵی ١٩٦٤ دا قۆناغی

بژمێری گەورە System/360 هاتە بازاڕەوە کە تاکوو ئەمڕۆ ئەندازیارییەکەی لە زنجیرە نوێیەکانیشدا دیارە (S/370, S/390, zSerie, System 29).

هاوشانی ئەمە سیستەمی کارپێکردنی OS 360 پەرەپێدرا کە لە پاشاندا z/OSـی لێکەوتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا سیستەمی System/3 بۆ بژمێری ئاست نزم خستەگەڕ کە تاکوو ساڵی ١٩٨٥ لەکاردابوو.

ساڵی ١٩٧٥ یەکەم کۆمپیوتەری هەڵگرتەنی ، portabl کە IBM 5100 بەرهەمهێنا کێشەکەی ٢٥ کیلۆگرام بوو(بڕوانە وێنەکە)، تواناکەی بریتی بوو لە (16Kbyte RAM, BASIC, tape driver) و هەروەها پیشانگەرێکی monitor بچووکی لەسەربوو کە X 64 16 وێنەخاڵ pixel بوو.

ئای بی ئێم لە نۆ جۆری جیاوازدا ئەم جۆرەی بەرهەمهێنا، لەبەرگرانی نرخەکەی کە لە ٩٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکی تێپەڕی دەکرد، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

## کۆمپیوتەری کەسی PC

ئای بی ئێم لە ساڵی ١٩٧٩ ـەوە لە هەوڵی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر بوو کە هەموو بەشەکانی پێکەوە بن و خەڵکی ئاسایش بتوانێت بەئاسانی بەکاری بهێنێت. ئەوەبوو IBM System/23 Datamaster داهێنا کە بە all-in-one desktop ناوبرا چوونکە هەموو بەشەکانی پێکەوەبوون، کێشەکەی ٤٣ کیلۆگرام بوو.

ساڵی ١٩٨١ بۆ وەڵامی Apple II یەکەم کۆمپیوتەری کەسی IBM-PC بەرهەمهێنا(بڕوانە وێنەکەی خوارەوە).

یەکەی چارەسەرەکەی CPU هی کۆمپانیای ئینتێل Intel بوو، سیستەمی کارپێکردنەکەی مایکرۆسۆفت – دۆس بوو، کە تایبەت بۆ ئایبیئێم IBM PC-DOS مۆڵەت پێدراوبوو.

تایبەتمەندییەکانی هێندە بەهێز نەبوون، لەبەرئەوە کۆمپانیاکانی دروستکەری کۆمپیوتەر بەئاسانی توانییان کێ بڕکێی لەگەڵ بکەن، ئای بی ئێم لەمەیاندا دۆڕا.

## IBM و سەرچاوەی کراوە Open source

لە ساڵەکانی ١٩٩٠ ئای بی ئێم پشتیوانی تەواوی سەرچاوەی کراوەی کردووە، سیستەمی کارپێکردنی لیونکس Linux لەسەر ڕاژەکارەکانی دامەزراوە.

هەروەها پشتیوانی لە پرۆژەی ئێکلیپسە Eclipse کرد زۆر بەفراوانی و، لە پێناویدا تووشی کێشەی دادگا هات لە ساڵی ٢٠٠٣ دا.

## گۆڕانکاریی لە بازرگانیدا

IBM وەکوو کاردانەوەیەک بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی بازاڕی کۆمپیوتەر و داخوازی کڕیارەکانی زیاتر بە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری گەورە و ڕاژەکارەوە server خۆی تەرخان کرد.

ساڵی ٢٠٠٤ دەستی هەڵگرت لە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری کەسی، لە ١.٥.٢٠٠٥ دا ئەو بەشەی کۆمپانیاکەی فرۆشت بە ١،٧٥ ملیاردۆلار بە کۆمپانیای Lenvo چینی. پێشتریش بەشی پەپکەی ڕەقی Hard disk بە هیتاشی Hitachi فرۆشتبوو.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر لە ٣٢٩ هەزار کارمەند لە IBM دەست بەکاربوون، لە ٧٠ وڵاتی جیاوازدا.

لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا IBM قازانی بە ڕێژەی ١٢٪ بەرزبۆتەوە و تێکڕا ٢٢ ملیاردۆلار

دەستمایە و قازانجی بووە.

IBM بە یەکێک لە گەورەترین کۆمپیانیاکانی کارای تەکنەلۆژیای زانیارییەکان دەژمێردرێت (لەهەردوو بواری نەرمەکاڵا software و ڕەقەکاڵا hardware دا).

وێبگە: www.ibm.com

## بەشگەی کۆمپاک Compaq

کۆمپاک، بەشگەی بەرهەمهێنی بژمێری ئەلیکترۆنی لە ساڵی (١٩٨٢)، لەلایەن Rod Canion ڕۆد کانیون، Jim Harris جیم هاریس و Bill Murto بیل مورتۆ دامەزرا و، ساڵی (٢٠٠٢)کۆمپانیای Hewlett-Packard کۆمپانیای کۆمپاکی کرییەوە. لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تاکوو ئەمڕۆش جۆری Notebook بەناوی کۆمپاکەوە ناوزەند دەکرێت.

هەرسێ دامەزرێنەری کۆمپاک، بەڕێوبەری کۆمپانیای بەرهەمهێنی نیمچەگەیەنەری Texas Instruments بوون و، یەکی بە بڕی هەزار دۆلار سەرمایە، بەشداری بنیاتنانی کۆمپاکیان کرد. سەرمایەی دەستپێک لەلایەن دوو هاوەڵ Ben بێن و سەڤین ڕۆزن Sevin Rosen ـەوە پێشکەش کرا.

### بەرهەمەکانی کۆمپاک

ئاداری ساڵی ١٩٨٣ یەکەم بەرهەمی کۆمپاک خرایە بازاڕەوە کە بریتی بوو لە «کۆمپیوتەری هەڵگرتەنیی کەسی»ی (IBM-PC) کە نرخەکەی ٣،٥٩٠ دۆلاری ئەمریکایی بوو. ئەمە یەکەم کۆمپیوتەری IBM-Compatible PC بوو کە کێشەکەی ٢٠ کیلۆونیو بوو.

کۆمپاک و کۆمپانیاکانی تری بەرهەمهێنەری کۆمپیوتەر دەبوو مۆڵەتی مایکرۆسۆفت وەربگرن تاکوو سیستەمی کارپێکردنی دۆس MS-DOS لە کۆمپیوتەرەکانیاندا وەک سیستەمی کارپێکردن دابنێن. بۆیە کۆمپاک تیمێکی دامەزراند لە ١٥ بەرنامەدارێژ کە هەوڵ بدەن IBM-PC-BIOS دابڕێژن بە بڕی یەک ملیون دۆلار. سەرکەوتنی کۆمپاک لەم بوارەدا هاندەر بوو بۆ کۆمپانیاکانی تر کە هەمان ڕێگە بگرنە بەر.

ساڵی ١٩٨٧ یەکەم کۆمپیوتەری کەسیی بەرهەم هێنا کە هەڵگری یەکەی چارەسەری 80386 ی ئنتێل Intel بوو. بەووش یەکەم کۆمپیوتەری ٣٢ بت هاتەکایەوە کە لەسەر یەکەی چارەسەری زنجیرەبەستراوی x86 کاری دەکرد. کۆمپاک یەکێک بوو لە گەورە کۆمپانیاکانی پشتیوانیکەری EISA، کە IBM لە بەرهەمهێنانی IBM PS/2 پەی پێ دەبرد.

لە سەرەتای ساڵانی (٩٠)ەکاندا کۆمپاک هەوڵی دابەزاندنی نرخی بە ر هە مە کا نی دا، بەمەرجێک کاریگەریی نەبێت لەسەر جۆرایەتی و چاکیی بەرهەمەکانی، زنجیرەیەک کۆمپیوتەری بەناوی Presario بەرهەم هێنا کە لە ١٩٩٥ دا کە نرخەکەی ١٠٠٠ دۆلار تێپەڕی نەدەکرد، بەووش بازاڕێکی فراوانی داگیر کرد. کۆمپاک ویستی نرخەکانی لە ئاستێکی نزمدا ڕابگرێت، بۆیە یەکەمین کۆمپانیا بوو کە بڕیاری دا یەکەی چارەسەریی کۆمپانیای AMD و Cyrix لە بەرهەمهێناندا بەکار

بهێنێت. بەمەش پەستانی خستە سەر کۆمپانیاکانی تری وەک IBM و Packard Bell لە بازاڕی کۆمپیوتەردا.

ساڵی ١٩٨٧ کۆمپاک کۆمپیوتەری جۆری (NonStop)ی کڕی کە ناسراو بوون بە بێوەستانیی کاری ڕاژەکارەکانی.

وێبگە:
http://www.compaq.com

## کۆمپانیای SAP

لە شاری مانهایم لە ئەڵمانیا ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن پێنج ئەندازیاری ناسراوی کۆمپانیای IBM دامەزراوە .

لە سەرەتادا ئەم دامەزراوە وەکوو شیتەڵکەری سیستەم و پەرەپێدەرێکی بەرنامەداڕشتن ناوی دەرکرد، پاشان گۆڕدرا بە سیستەمەکان Systems، داواناماکان Applications و، بەرهەمەکان Products لە چارەسەری داراوەکاندا «Systems, Applications And Products in Data Processing».

ساڵی ١٩٧٦ ئەم دامەزراوە ناوی کۆمپانیای (SAP)ی هەڵگرت. SAP بە گەورەترین کۆمپانیای دروستکەری نەرمەکاڵا دەژمێردرێت لە ئەورووپا و، سێیەم گەورەترینە لە جیهاندا پاش مایکرۆسۆفت و IBM. لەگەڵیدا SAP فراوانترین بواری داوانامەی بازرگانی و نەخشەدانانی چارەسەری نەرمەکاڵا پێشکەش دەکات.

### بەرهەمەکانی SAP

SAP گرنگیی دا بە بەرهەمهێنانی بەرنامەی نەخشەکێشیی پێشکەوتوو Advanced Planner و پوختەکردن، بەڕێوەبردنی پەیوەندیگرتن لەگەڵ خوازیارەکاندا Customer Relationship CRM (Management)، سیستەمی بەڕێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی Human Resource Management HRMS (Systems) و، چەندین بواری تری بەڕێوەبردن و بازرگانیکردن، کە ئەمڕۆکە لە سیستەمی نوێی تەکنەلۆژیای زانیاریدا بنەیەکی پتەویان پێک هێناوە.

بەرنامە ناودارەکانی ئەم کۆمپانیایە SAP R/3, NetWeaver کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە بەڕێوەبردن و بازرگانیی زیرەکدا Business Intelligence لە کۆمپانیا گەورەکاندا.

لەم ساڵانەی ڕابردوودا SAP توانیی برەو بە کارەکانی بدات بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەی تایبەت بۆ کۆمپانیا و دامەزراوە بچووک و مامناوەندییەکان small and medium sized SME (enterprises)، بەهۆی خستنەکاری بەرنامەی وەک SAP Business One و SAP All-in-One.

بەپێی ئەو ئامار و ڕاپۆرتانەی کە بڵاو کراونەتەوە زیاتر لە ١٠٠ هەزار بەرنامەی SAP دامەزرێنراون لە زیاتر لە ٢٨٠٠٠ کۆمپانیادا، بەرهەمەکانی SAP بەکار دەهێنرێن لەلایەن ١٢ ملیۆن کەسەوە لە ١٢٠ وڵاتی جیاجیادا.

بۆ زیاتر گەشەدان و پتەوکردنی بازاڕی خزمەتگوزارییەکانی، لەگەڵ کۆمپانیای ناسراوی Hewlett-Packard) HP) دا گرێبەستی کردووە.

وێبگە: http://www.sap.com

سەرچاوە: ئینتەرنێت